## بەڕێز محەمەدی مەلا قادر دەڵێت؛ ئەوەی دەنگ نەدات ناتەواوە!!.. ئەفسانە

دوێنی لە بەرنامەیەکی 'کوردستان تیڤی'دا، بەڕێز محەمەدی مەلا قادر لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردنی هاوپەیمانی کوردستان قسەی کرد.. ئەم بەڕێزە ئەندامی سەرکردایەتیە و خاوەنی چل ساڵ خەباتە لەناو پارتی دیموکراتدا.. بەشێوەیەکی گشتی سەرتاپای قسەکانی مایەی هەڵوێستەیە و دەکرێت خەرمانێکی لەسەر بنوسرێت، بەڵام ئەو خاڵەی من دەمەوێت لەم کورتە نوسینەدا بیخەمە ڕوو یەک دوو ڕستەی بەڕێزیەتی کە زیاد لە کەڕەتێک دووپاتی کردنەوە؛
ئەو فەرمووی؛ ئەو کەسەی دەنگ نەدات ناتەواوە!!.. هەروەها وتی؛ ئەوەی دەنگ نەدات سزای دەدەین!!

من سەرم لەوە دەسوڕمێت کە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی ئاوها ڕاستەوخۆ سوکایەتی بە ڕای خەڵکی بکات و بە 'ناتەواو' ناوزەندیان بکات.. ئەگەر دەنگ نەدەن سزایان دەدەین!.. باشە ئەمە چ جۆرە دیموکراتیەکە؟؟ هەقە ناوی ئەو دیموکراتیە بنێین 'دیموکراتی کولەکەی تەڕ'، چونکە تەنها لە کولەکەی تەڕدا لەو جۆرە دیموکراتیە بەدی دەکرێت!

بەڕێزم لە بری ئەوەی ئاوها هێرش بکەیتە سەر خەڵکی و سوکیان بکەیت و هەڕەشەیان لێبکەیت، هەر بۆ خۆت و بۆ پارتەکەشت باشترێکە لەو هۆیانە بکۆڵنەوە کە وای لە خەڵکی کردووە دەنگتان بۆ نەدەن.. یان وای لێکردوون گومانیان لێتان هەبێت.. ئەو هۆکارانە چارەسەربکەن کە وای لە خەڵکی کردووە متمانەتان پێنەکات.. هەربۆ نمونە تەماشایەکی خزمەتگوزاری ناو شارەکان بکە و بە منەت نمونەی ئاسایش مەدەرەوە بەچاوی خەڵکیدا، چونکە ئەوە کەمترین ئەرکی سەرشانی حوکمەتە.. چیتر نمونەی قوڕەیش و موڕەیش بۆ خەڵکی مەهێنەرەوە، چونکە نە کورد قوڕەیشین و نە پارتەکەشت خودا (هەر لەوێدا دوو هەڵەی مێژوویی کە خەڵکی چاوەڕوانی ناکات ئەندامێکی باڵا بیکات!).. تۆ ئەندامی سەرکردایەتی پارتێکی دیموکراتیت، ئیتر چیتە بەسەر ئایەتی قورئان و قوڕەیشیەکانەوە، تۆ چاوەڕوانیت منی کورد چی لەو ئایەتەوە فێرببم، کە 1500 ساڵ لەمەوبەر ڕەوانەی قوڕەیشیەکان کراوە! من ئێستاکەم بەلاوە گرنگە، دەردی کورد لە ئێستادایە و خەڵکی دەیانەوێت ڕاستەوخۆ وەڵامیان بدەنەوە؛ یان واز لە دەسەڵات بهێنن، یاخود فەرموون کێشەکانمان بۆ چارەبکەن و چیتر خۆتانی لێمەدزنەوە و مەیسون بە ئەم و ئەودا.. چونکە بەو شێوەیە خەڵکی هێندەی تر لێتان دەتەکێنەوە!

ببورە ئاوها ڕاستەوخۆ قسەدەکەم، بەڵام سەرۆکی هەرێم خۆی دەفەرموێ با 'شەفاف' بین و ڕاستەوخۆ ڕەخنەکانمان بخەینەڕوو!

24.11.2005

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com